# لەبارەی داستانەکەی رۆستەم و زۆراب

●صابر کریم●

با ئاورێك لە داستانەکەی رۆستەم و زۆراپ بدەینەوە !! بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو ، زۆر لەداستان و سەر گورشتەی دلداری وپاڵەوانێتی بەسەر زاری خەلکیەوە بوون و بابەتی گوێ ئاگردانی شەوانی زستانی ناو کوردەواری بوون ، ئێستا لەم سەردەمەدا ئەم دیاردەیە سست بووە کەچی هێشتا هەر ماوەو بەڵام لەروی شێوەو ناوەرۆکەوە ئەو نووسینەی کەبۆ ساڵەکانی چلەکان و پەنجاکان نووسراوەتەوە ناتوانرێت لەم سەردەمەدا بەسەرگشتی خوێندەوارانی بسەپێنرێت چونکە ژیان رۆژ لەدوای رۆژو سات لە دوای سات بەرەو ئاڵۆزی گلور دەبێتەوە ، ئێستا نووسین تەنها بۆ کات بەسەربردن نییە وەکوو لە رابوردوودا باو بووە ، ئێستا لەم سەردەمەدا گەلێك گیروگرفت بەروکی ئادەمیزاد دەگرێت و دەیان وێت بەرەو کەندەلانی سەر لێشێوان و نەمانی ببەن ، بۆیە خۆماندوکردن و کۆشش کردنی دەوێت کە مرۆڤ بەسەریاندا زاڵ بێت بەکەم چەکیش پێنووسە ...

( شی کردنەوەو پشکنین ـ ئەمەیە ئەم کاتەی ئێمەی تێدا دەژین ئێستا رەخنە لەهەموو شتێك ئەگرێ هەتا لەرەخنە خۆشی ئەم چاخەی ئێستامان شتێك بەکسەر وەرناگرێت ) (۱)

ماوەیەك لەمەو پێش ، داستانێکی رۆستەم و زۆراب لە کتێبێکی قەوارە مام ناوەندی (۱۲۰) لاپەرەیی لەلایەن عبد الخالق محمد امین دەرچوو ، کە لەسەر بەرگەکەی ساڵی ( ۱۳۹۹ هـ ـ ۱۹۷۹ م ) نووسراوە، کەچی سەیر لەوەدایە کە هەمان چاپی ساڵی (۱۹۵۵م)ە ، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دەستکارییەك بکرێت تەنانەت ئیملاکەی دەستکاری نەکراوە ، کە بەهیچ شێوەیەك لە گەل رێبازی ئیملای کوردی ئەمڕۆمان ناگونجێت ، ژیان بریتیە لەگۆران بەرەو پێشەوە ، گەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینیت لە ساڵی (۱۹۵۵)ەوە بۆ ئەم کاتە چەندەها کتێب و نامیلکە لە سەر ئیملاو رێزمانی کوردی و بەشەکانی تری زمانی کوردی دەرچووە ، باشترین نموونە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم کتێبەکەی ( طاهر صادق )ە بەناوی ( رێنوس ـ چۆنێتی نووسینی کوردی ) ، هەروەها ئەوەندە ووشەی عەرەبی تێدا دەبینرێت کە لەژمارە نایەت بەرای من پێویست بوو لەسەر کاك عبد الخالق لەپێش ئەوەی دەست بکات بە لەچاپدانی، لەپێشدا لەسەر شێوەی رێنووسی ئەم سەردەمە دەستنووسی بکردایە ، بەپێی پێویست هەوڵێکی بدایە بۆ گۆرینی هەندێ لەو ووشە عەرەبیانە بۆسەر زمانی کوردی ، لێرەدا بۆیە حیسابی ئەم جۆرە شتانە دەکەین ، چونکە داستانەکە لەم رۆژانەدا بەچاپ گەیەنراوە ( کۆتایی ساڵی ۹۷۹ )، هەروەها لە تواناداهەیە داستانێکی ئاوا بۆ هەر زمانێك بگوردرێ نەك تەنها لە رێنوسێکی کۆنەوە بۆ تازەتر ، ئەمە لە لایەن رێنووسەوە ، هەروەها لە رووی رێزمانیەوە ئەوەندەی تر داستانەکە هەڵەی تێدایە .ئێمە گەر سوودی گشتی بخەینە بەرچاومان، بۆ پێشکەش کردنی هەر بەرهەمێك ، پێویستە بەپێی توانا هەوڵ بدەین بەبێ کەمتەر خەمی ، بۆ ئەوەی سوود بەخوێنەر بگەیەنین و سەرکەوتن لێرەدا دێتەدی ....

بێ گومان ئەوشتانەم بۆ ئەوە نەخستۆتە بەرچاو کە وره بە کاك عبد الخالق بەربدەم . بەڵکو بۆئەوەی کە نوسینەکانی زیاتر جێی خۆی لە دڵی خوێنەران بکاتەوە ...


### سەرچاوەکان

(۱) بلنسکی ـ دەربارەی رەخنە ، وەرگێر لە روسیەوە جەلال تەقی چاپخانەی ، ساڵی ۱۰۷۱

(۲) روستەم و زۆراپ ، ۱۹۷۹ م دار المثنى للطباعە والنشر

(۳) رێنوس ( چۆنێتی نووسینی کوردی ، مامۆستا طاهر صادق ساڵی ۱۹٦۹ ، چاپخانەی شیمال ـ کرکوك )